# ژانی غوربەت


ئاگنێس میگل
لە ئەڵمانییەوە: عەبدولموئمین دەشتی
(ئەڵمانیا)

ئەمڕۆ بەیانی گوێم لێ بوو
لەسەر تاشەبەردێکی دەم دەریا
بلبلێک بۆ نیشتمان دەیجریواند
بەڵام بە ئاوازێکی جیا

بنەوشەی شین گەشاوە
لە گردۆلکەکان تا دەریا
لە ئاقاری وڵاتی من
هێشتا بەفر لە شەقارەکاندا ماوە

لە شارەکەی من لە باکوور
حەوت پردی کۆن و بۆری لێ
هاڵاوی تەم و بەستەڵەک
لە ستوونە ڕزیوەکانیان هەڵدەستێ

لە سەرەوەی هەورە بۆرەکان
دەنگێکی ناسک و پاراو دێ
منداڵی وڵاتەکەی من تێدەگەن،
کە یەکەم پاساری دێ، چی دەخوێنێ



**زستان**

کەوتنە سەر گیای شێدار، گەڵا زەردەکان
تەم نمی خستە سەر لقی داران
کلو بەفر، هاتە خوار، بە هەزاران
چلی داران سپی بوون و داچەمان

دەنگی زەنگ دێ، لەسەر ڕێگە سپییەکان
سەدان زەنگوڵەی بەفرەخلیسکە، بە ناسکی
کەوتنە زرنگان
لە دوورەوە بۆ ئێرە دێن، هاوار دەکەن، دەدەن وەڵام،

قاقا پێدەکەنن، بەر لەوەی کپ بن لە دارستان

چەندان سەعات، واگا مامەوە
تا ئاگری سۆبە گەشایەوە
گوێی خۆم ڕاگرت، بەڵکوو لە دەرگا
دەنگێک بێت و من بیناسمەوە

بە بەر پەنجەرە، تاکوو بەربەیان
کلوی بەفرم دیت، دەیان کرد سەما
دەنگێکی زیوین، بەڵام نەبیسترا
لە کۆڕی دەنگی سافی زەنگەکان

## وڵاتێک هەبوو

ئۆهـ، چەند بە ساردی، بەسەر وڵاتی چۆڵ هەڵدەکات با
ئۆهـ، چۆن خۆڵەمێش سووکتر، لە خاک و زیخ، تۆز دەکا
گەزنە دەڕوێ، بەرز لە پاڵ دیواری وێرانەدا
لە ئاقاریش، زۆر باڵاتر، دڕکەزەردە گەشە دەکا

تۆ لە کوێ ماوی، ئەی فەلەک؟ وڵاتێک هەبوو،
کەروێشکەی دانەوێڵەی، وەک شەپۆلی ڕووی دەریا بوو
لەسەر چڵی درەختەکان، بەزم و ئاوازی بلبل بوو
ڕەوە ئەسپ، مێگەلی ئاژەڵ، بەرەو ئاخوڕ و ئاو دەچوو

هەڵبەزە و دابەزەی لادێ، وەکوو لێدانی دڵ وابوو
وەشانی داس، لە شەوی ڕۆن، زرنگەی پڕ لە ئاواز بوو
بەلەمی پڕ لە قەسەر، بەسەر ڕووی ڕووبارانەوە (١)
کڵێسای پەرستگا ئارام، شارێکی پارێزراو خەوتوو

لە شەوی ڕووناکی شەوی یۆحەنناى پیرۆزدا
وڵاتێک هەبوو، لە باوەش ئاسۆی زەردی ئێوارەدا
کێڵگەکانی پڕ، مەڵۆ لە پاڵی مەڵۆدا
گردەکان، سەر و خوار، تاکوو خەرابە بەردەکان (٢)

گیشە دوای گیشە، باڵا و بۆنی نان (٣)
بە ئاسمانەوە بازنەی لەقلەقان

شین وەکوو دەریا، سپی وەک کەنار
مانگی سوور و زەرد، قەراغ دارستان

لە شەوی گەرمی، شەوی دروێنە
وڵاتێک هەبوو، بێ تەم بێ وێنە
چنراو وەک تەونی دەوری دارعەڕعەڕ
زێڕین و سپی، دەدرەوشانەوە سپیندار

شووڕەی مەرجان و گیاکەڵەی ڕووبار
قرچەی شکانی بەڕووی پێی ڕێبوار
درز و شەقاری سەر ڕێگە و بان
دوور دەتریسکاوە، ستێرەی شەوگار

شەوی ساردی ئەیلوول، لە دارستان
کەڵەکێوی لێرە و لەوێ دەیان بۆڕان
وڵاتێک، بای ڕۆژهەڵاتی ویزە ویزی بوو
وەک جەمدا بێت، کەشتییەک ئارام، لێرە وەستا بوو

بەفر، وەکوو تووکی باڵندە، تۆی کێڵگەی داپۆشتبوو
شوێنپێی ئارامی ئێلچەکانی گوم کردبوو
سارد، سامناک و بەستوو، ڕێ و بەردی لێوار دەریا
ماسیگر بۆ تەنکاو، ماسیش بۆ کونی شەختە، دەخزا (٤)

لە ژێر بانێکی گەرم، دروستکراو لە پووش و زەل
تەونکار دەیڕست سروودێکی کۆن و دێرین:
«ئێمە هەر دووک، هێشتان شەنگ و بەهێزین
بە هێز و بازووی دەستی خۆمان دەژین»

وڵاتێک هەبوو، ئێمە زۆر خۆشمان دەویست
بەڵام وەک لمی بیابان، سامناکی بەسەریا هەڵنیشت
وەکوو شەقاری جێ پێی ئێلچەکان، پڕ کرایەوە،
وەکوو شوون پێی مرۆڤ و ئاژەڵەکان، سڕایەوە

بوون بە شەختە لە بەفردا ، بە پەنگر لە سووتان
لە وڵاتی دوژمن، ئازاردراو و سەرگەردان

لە قووڵایی، لە بنی دەریای ڕۆژهەڵات
شەپۆل ئێسقانیان دەشۆرێ لە ئاودڕ و جۆگاوان،

لە یوتلەند، لە کۆشێکی زیخاویدا دەخەون
ئێمەی دواییش، بێ نیشتمان، سەرگەردانین
گەڵای پاییزی بەر باین، قەوزەگیای دوای
گەرداوین،
ئەی خودایە، خۆت دەزانیت، کە ئێمە چەندە تەنیاین

گلەیی کردن هەرگیز بۆ ئێمە نەبووە بە پیشە
خۆت بەخشیت، بردت، بەڵام نیرەکەت پڕ ئێشە
لە یاد ناکا دڵ، ئەوەی لای زۆر خۆشەویستە
کە خۆی داوەتە دەست تۆ، تۆش بیبەخشە

## ئاگنێس میگل شاعیری مێلانکۆلی
## (١٨٧٩-١٩٦٤)

ئاگنێس میگل (١٨٧٩-١٩٦٤)، ژنە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمان، لە دنیای ئەدەبی ئەڵمانی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە ڕێگای شیعر و قەسیدەکانی ناسراوە. لە شاری کوینیگسبێرگی وڵاتی ئۆستپرۆیسن لەدایک بووە. هەر لە سەرەتای ژیانیدا بایەخی بە ئەدەب داوە. لە کوینیگسبێرگ و هانۆڤەر خوێندوویەتی و دواتر وەک ڕۆژنامەنووسێک کاری کردووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کاریزمای ژیانی ئەدەبی دەستی پێ کردووە، یەکەمین دیوانی شیعرەکانی لە ساڵی ١٩٠١ بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکانی لەلایەن ئەدیب و شاعیرانی وەک (گێرهارت هاوپتمەن) و نووسەرانی سەردەمی خۆی پەسەندکراون. لە شیعرەکانی خۆیدا پەیوەستی و سۆز و خۆشەویستی بۆ شار و نیشتمانەکەی ئۆستپرۆیسن و ژیانی ڕابوردووی خۆی دەربڕیوە، بەتایبەتی دوای ئاوارەبوونی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، لە شیعرەکانیدا هەست و ئازاری غوربەتی خۆی بۆ چارەنووس و بۆ زێدی خۆی، بە زمانێکی پڕ لە سۆز و هەستی ناسک دەربڕیوە.

دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە وڵاتەکەی خۆی (ئۆستپرۆیسن) ڕا دەکات و دێتە زالتسوفلن و هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات. شایانی باسە ماڵەکەی لە شارۆچکەی (بادنێنن دۆرف)ی هەرێمی نیدەرزاکسن، کراوە بە موزەیەکی بچووک. هەموو دەستنووس و کەلوپەلەکانی ژیانی وەک خۆی ماونەتەوە. نووسەری ئەم چەند دێرە لە (٢/ ١١/ ٢٠٢٤) سەردانی ماڵەکەی کرد و ئەم کورتە زانیاری و هەوڵدان بۆ کورداندنی چەند شیعرێکی ئاگنێس، بەرهەمێکی ئەو سەردانە کورتەیە.

**بادنێندۆرف**

**پەراوێزەکان:**

١- ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی قەسەر و شەغرە بە بەلەم بە ڕێگا ئاوییەکان.

٢- لە زۆر جێگای شارەکانی باکووری ئەڵمانیا، بەردی کەڵەکبووی سەر یەکتری دەکەونە بەرچاو، کە چیرۆک و ئەفسانەیان لەبارەوە دەگێڕنەوە، لە کوردستانیش لێرە و لەوێ، ئەو خەرابە بەردانە هەن.

٣- ئاماژەیە بۆ گەنم و جۆ.

٤- کاتێک دەریا دەبەستێت، ڕاوچییان دەچن لە تەنکاوەکان شەختە کون دەکەن و لەم کونەوە ماسی ڕاودەکەن.

**سەرچاوە:**

شیعری زستان لەم نامیلکەیە وەرگیراوە:
Jahresrundbrief 2021, der Agnes-Miegel-Gesellschaft e.V.

ئەمە ڕاپۆرتێکی ساڵانەی چالاکییەکانی ڕێکخراوی تۆمارکراوی (ئاگنێس میگل)ـە، لە شێوەی نامیلکەیەکی چل لاپەڕەییە، بە داخەوە شوێنی چاپکردنی لەسەر نەنووسراوە. لە موزەکەی میگنس پێشکەشیان کردم.

شیعری ژانی غوربەت (Heimweh) وڵاتێک هەبوو (Es war ein Land)، لەم کتێبە وەرگیراوە، کە بە PDF لە ئینتەرنێت دەستدەکەوێت:
Agnes Miegel, herausgegeben von Landsmannschaft Ostpreußen, Abteilung Kultur.
بەبۆنەی سەدساڵەی لەدایکبوونی ئاگنێس میگل. لە ٩ی ئاداری ١٩٧٩ چاپکراوە، بەرپرسی دەقەکان:
ئیلیزابێت ڕویمەر، ئانی پیۆرێک
Druckerei und Verlag Gerhard Reutenberg, Glückstadt

شیعری ژانی غوربەت بە گەورەیی لە دیوارێکی ژووری موزەکەی هەڵواسراوە. زانیارییەکانیش لەبارەی ژیاننامەکەی، لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.